وزارەتی ژینگە: تا کۆتایی 2028 مین و پاشماوەکانی جەنگ لەو وڵات نامێنێت



ئەم یەکشەممە ،وزارەتی ژینگە رایگەیاند، عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پابەندین بە پاککردنەوەی مین و پاشماوە تەقەمەنییەکانی جەنگ تا کۆتایی ساڵی 2028. وزارەتەکە ئاماژەی بەوەدا کە ئەمریکا چیتر پشتیوانی ئەو هەوڵانەی ناکات، بۆیە دەبێت حکومەتی داهاتوو گرنگییەکی تایبەت و راستەقینەی پێبدات.

ئیکتیفا حسناوی، یاریدەدەری ئەمینداری کارگێڕی وزارەتەکە لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵی فەرمیی عێراق رایگەیاند، "عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پابەندە بەوەی وەاتەکە بە دوور لە مین و پاشماوەی تەقینەوەکانی شەڕ تا کۆتایی ساڵی 2028 رابگەیەنێت".

ڕووونیشیکردەوە، "ئەم پابەندبوونە بەهێی نەبوونی تەرخانکردنی دارایی و ڕووبەووی ئاستەنگ دەبێتەوە، پرسی مین و پاشماوە تەقینەوەکانی جەنگ بە پلەی یەکەم پشت بە هەوڵە نیشتمانییەکان و هێندێک پڕۆژەی وەبەرهێنان دەبەستێت کە لەگەڵ کۆمپانیا ڕیگەپێدراوەکاندا هەماهەنگکراون".

هەستاوی ئاشکرای دەکات، "ئەمریکا پاپشتیی نەودەوەتییەکانی بە بەرنامەی پاککردنەوەی مینی چەندراو راگرتووە، بەیەە پەویستەە حکومەتی داهاتووی عەراق گرنگییەکی تایبەت و راستەینە بە پرسی مین لە رێگەی تەرخانکردنی دارایی و پشتیوانی لۆجستیکی بە هەوەە نیشتمانییەکان بدات، هەروەها پارێزگارەکان پشتیوانی لەە پاککردنەوەی پارێزگاکانی خێیان دووپات بکەەنەوەە.

□